# میتۆدی ڕەخنەی دەروونی

## چەمکی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی

ڕەهەندێکی دەروونی مرۆڤ حەشارگەی مەبەستە ئایرۆنی و کۆگای ویستە تابۆکانە، مۆڵگەی نهێنی و ڕاز و لایەنە شاراوەکانی کەسایەتی مرۆڤە، بۆیە بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلانەدا پێویستمان بە توێژینەوەی زانستییانە هەیە. لەناو زانستەکاندا سایکۆلۆژیا بە زانستی توێژینەوە لە ڕەهەندی دەروونی مرۆڤ دادەنرێت، کە ئەمەش زانستێکە توێژینەوە لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و پڕۆسەی عەقڵی مرۆڤ دەکات، یان زانستێکە لەو ڕەفتار و ئەزموون و شارەزایانەی بوونەوەرێکی زیندوو دەکۆڵێتەوە، کە لە میانەی تێکەڵبوونی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا فێر دەبێت. میتۆدی ڕەخنەی دەروونیش وەک لایەنێک لەو پەیوەندییانەی کە ئەدەب و سایکۆلۆژیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە پشت بەستن بە بنەماکانی سایکۆلۆژیا هەوڵی ئەنجامدانی پڕۆسەی ڕەخنەیی دەدات، بە ئامانجی تێگەیشتن لە دەقی ئەدەبی. بەرلەوەی ئەم میتۆدە پێناسە بکەین گونجاوە کە جیاوازی لە نێوان هەردوو چەمکی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی و میتۆدی دەروونشیکاری بکەین. ئەوەی پەیوەندی بە چەمکی یەکەمەوە هەیە، ئەوا چەمکێکی گشتگیرە، دەشێت بۆ هەر کارێکی ڕەخنەیی بەکاربهێنرێت کە بە شێوەیەکی گشتی گرنگی بە لایەنی دەروونی دەقی ئەدەبی دابێت، بەڵام چەمکی میتۆدی ڕەخنەیی دەروونشیکاری لەسەر بنەمای

قوتابخانەی دەروونشیکاری "سیگمۆند فرۆید" ١٨٥٦ – ١٩٣٩سەریهەڵداوە، دواتر لەلایەن دەروناس و ڕەخنەگرانی دیکەوە زیاتر پەرەی پێدراوە. لەناو سەرچاوە ئەدەبی و ژێدەرە ڕەخنەییەکاندا زۆرجار کە باس لە میتۆدی ڕەخنەی دەروونی کراوە، توێژەران گەڕاونەتەوە بۆ باسکردنی میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاری، هەر بۆیە لە گەڕان بە دوای پێناسەی میتۆدی ڕەخنەی دەروونیدا پتر هەست دەکرێت بەوەی کە زیاتر بە مانا و مەبەستی ڕەخنەی دەروونشیکاری هەوڵی پێناسە کردنی ئەم میتۆدە دراوە، لەوانە:

میتۆدە ڕەخنەی دەروونی : لێکدانەوەی پەیوەندی مرۆڤە بە پاڵنەرە خوودییەکانەوە، یان لێکدانەوەی ئەو چەپاندنانەیە کە کۆمەڵگا بەسەر مرۆڤدا دەیانسەپێنێت، ئەمەش بە پشت بەستن بەو بۆچوونەی "فرۆید" کە پێیوایە دەقنووسان مرۆڤی نەخۆشن.

میتۆدی ڕەخنەی دەروونی : ئەو ڕەخنەیەیە کە دەقی ئەدەبی بە گوزارشتکردنێکی ڕاستەوخۆی کەسایەتی دەقنووس دادەنێت، بۆیە دەقی ئەدەبی دەکاتە ئامرازێک بۆ دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی کەسایەتی، لەبەر ئەوە ئەم ڕەخنەیە گرنگی دەدات بە دەستخستنی زانیاری ورد دەربارەی ژیانی دەقنووس.

میتۆدی ڕەخنەی دەروونی: ڕەخنەیەکە بە پشت بەستن بە دەروونشیکاری هەوڵی دەرخستنی نهێنییەکانی بێئاگایی دەقنووس دەدات، پاشان لێکدانەوە بۆ دەقی ئەدەبی دەکات. لە سۆنگەی ئەم ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنانەی کە بۆ میتۆدی ڕەخنەی دەروونی دەربڕاون بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەم میتۆدە

لەسەر چەند بنەمایەکی دەروونی و چەمکەکانی دەروونناسی هەوڵدەدات پرۆسەی ڕەخنەیی ئەنجام بدات، ئامانجیشی لەم کارەدا دەرخستنی ئەو لایەنە شاراوانەی کەسایەتی دەقنووسە کە لە دوو توێی دەقی ئەدەبیدا حەشاردراون.

## زەمینەی سەرهەڵدان و دیارترین پێشەنگەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونی

ئەگەر بمانەوێت لە ڕەگوڕیشە سەرەتاییەکانی ڕەخنەی دەروونی بکۆڵینەوە، دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی بە تایبەتی لای یۆنانییەکان، هەروەکو "ئەفلاتوون" لە گفتوگۆی "ئەیۆن"دا بە شێوەیەک لە شێوەکان باسی کاریگەری لایەنی دەروونی دەقی ئەدەبی بەسەر جەماوەردا کردووە. هەر "ئەفلاتوون" لە کۆمارەکەی خۆیدا هەندێک ئاماژەی بەم لایەنە داوە، هەروەکو لە بارەی هونەرمەند و نوسەرانەوە دەڵێت: لەبەر ئەوەی مەبەستی ناوبانگ دەرکردنە، زیاتر حەزی لە دەمارگرژی و ڕقدارییە. ئەمەش ناواخنێکی دەروونی لەخۆیدا هەڵگرتووە. "ئەرستۆ" لە باسکردنی تراژیدیادا دەڵێت : ڕووداوی وای تێدایە کە "بەزەیی" و "ترس"دەوروژێنێ و بەوەش "پاکبوونەوە" لەم دوو سۆزە دێتەدی. خودی ئەم بۆچوونە لە مەسەلەی "پاکبوونەوە" "کاثاریس" Katharsisi چڕ دەبێتەوە. مەبەستیش لە پاکبوونەوە، پاکبوونەوەی دەروونە لە دوو سۆزی "ترس و "بەزەیی" بەهۆی نیشاندانی کاری تراژیدییەوە. ئاوڕدانەوە لە ڕەهەندی دەروونی لە سەردەمی ڕۆمانسییەکاندا بەتایبەتی لەلایەن "کۆلێردج" و "ۆردس ۆرس" بەدیدەکرێت. هەندێک لە ڕەخنەگرانیش ڕەخنەی بایۆگرافی کە "سانت ـ بیف" ڕابەرایەتی

دەکرد دەخەنە خانەی ڕەخنەی دەروونییەوە، پێیانوایە جۆرێکە لە ژیاننامەی دەروونیی دەقنووس. ئەوانەی ئاماژەیان بۆ کرا، خستنەڕوویەکی خێرای گرنگیدان بە لایەنی دەروونی بوو لە مێژووی ڕەخنەی ئەدەبی جیهانیدا، بەڵام هەنگاوی سەرەکی میتۆدبەندی لە نێو ڕەخنەی دەروونیدا دەگەڕێتەوە بۆ دەستکەوتەکانی سایکۆلۆژیا لە چارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لە ئەوڕوپادا. کە ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ پەیدابوونی قوتابخانەی دەروونشیکاری زانای دەروونناسی نەمساوی "سیگمۆند فرۆید"دا، بە تایبەتی لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی بەناوی "لێکدانەوەی خەونەکان لە ساڵی ١٩٠٠ دا". ئاشکرایە دەروونشیکاری "Psychoanalysis" قوتابخانەیەکی سایکۆلۆژییە، ڕێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی دەمارگیری و تێکچوونە عەقڵی و دەروونییەکان، بەوە جیا دەکرێتەوە کە بە شێوەیەکی داینامیکی سەرنجی هەموو لایەنەکانی ژیانی دەروونی و عەقڵی مرۆڤ دەدات، لە ڕووی بێئاگایی و بەئاگاییەوە، بەشێوەیەکی تایبەتیش گرنگی بە بێئاگایی مرۆڤ دەدات. "فرۆید" لە ڕووی ئاگایی و بێئاگاییەوە دەروونی مرۆڤی بۆ سێ ئاست دابەشکرد، کە ئەمانەن:

ئاستی ئاگایی، ئاستی پێشئاگایی، ئاستی بێئاگایی.

ئاستی ئاگایی : Conscious ئەو بەشەی دەروونی مرۆڤ دەگرێتەوە کە بە ئاگایە بەرامبەر ئەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی کە دەیاننوێنێت. هەموو ئەو بیرەوەری و یادەوەرییانەی ناخی دەروونی مرۆڤ دەگرێتەوە کە بە ئاسانی دەتوانێت بە بیری خۆیدابیانهێنێتەوە.

ئاستی پێشئاگایی : Preconscious ئەم بەشە ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو زانیاری و شارەزایی و بیرەوەری و بیرۆکانەی کە لەناو بیر و دەروونی مرۆڤدا پارێزراون. مرۆڤ دەتوانێت بە بیریان بێنێتەوە، بەڵام دوای هەوڵێکی زۆر، هەروەها زانیارییەکانی ئەو بەشەی دەروونی مرۆڤ لە ناو ئاستی ئاگاییدا نیین، بەڵکو دوای بە بیرهاتنەوە دەچنە ئاستی ئاگاییەوە.

ئاستی بێئاگایی : Unconscious ئەمەش ئەو ئاستەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو شتانەی لە دەروونیدا حەشاردراون بە بیریان بێنێتەوە. سەراپای ئەو بیرۆکە و ئارەزوو و ترسە چەپێندراوانە دەگرێتەوە، کە لە ئاستی ئاگایی مرۆڤدا نەماون.

پێویستە بەر لەوەی بچینە ناو کرۆکی بۆچوونەکانی ڕەخنەگر و دەروونناسەکانی میتۆدی ڕەخنەی دەروونشیکاری ئاماژە بە چەند لایەنێکی گرینگ لەناو میتۆدی دەروونشیکاری بدەین.

"فرۆید" لە شیکردنەوەی خۆیدا بۆ چەمکی "کەسایەتی" هەوڵدەدات "کەسایەتی مرۆڤ لەناوەوەی خۆیدا" دابەش بکات بۆ سێ بەش، کە ئەمانەن:

1/ ئەو: ID ئەو بەشەیە کە هەر لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤ تا مردن لە تەکیدا دەبێت، گشت خەسڵەتە بۆ ماوەیی و حەز و غەریزە خۆڕسکەکانی مرۆڤی هەڵگرتووە، ئەم بەشە نوێنەرایەتی کۆگای وزەی دەروونی مرۆڤ دەکات کە فرۆید بە لیبیدۆLibido ناوی دەبات. ئەم لایەنە لە کەسایەتی مرۆڤ پەیوەستە بە ئاستی بێئاگاییUnconscious لەسەر بنەمای چێژ "مبدأ اللذة" کار دەکات. واتا تێرکردن بە ئامانجی چێژ وەرگرتن. ئەو ID لۆژیک و ڕێسا

کۆمەڵایەتییەکان و کات و شوێن فەرامۆش دەکات، لە کاتی گونجاودا ئارەزووەکانی خۆی تێر دەکات.

٢/ من : Ego ئەم بەشە لە کەسایەتی مرۆڤ لەگەڵ تێکەڵبوونی بە ژینگەکەی، بە تایبەتی لە تەمەنی یەکەمساڵی تا دوو ساڵی دروست دەبێت. ئەم بەشە سەر بە ئاستی ئاگاییە Conscious لە مرۆڤ دا، بەپێی بنەمای واقیع "مبدأ الواقع" کاردەکات. وێڕای ئەمەش ئەم بەشەی کەسایەتی مرۆڤ لەژێر ئەرکێکی سەخت و دژوار دایە، ئەم ئەرکەش بریتییە لە ڕێکخستنی داخوازییەکانی "ئەو" و "منی باڵا" چونکە نا هاوسەنگی لە نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا، مرۆڤ دووچاری گرفتی دەروونی دەکات.

٣/ منی باڵا Super Ego ئەمەش لە ماوەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتییانەی مرۆڤ دروست دەبێت، لە ئەنجامی تێکەڵبوون لەگەڵ بەها ڕەوشتییەکان سەرچاوە دەگرێت، ئەم بەشە لایەنی ئاکار و ڕەوشتی کەسایەتی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە بە گوێرەی بنەمای ئاکار "مبدأ الاخلاق" کار دەکات. ئەگەر مرۆڤ بیری لە کارێکی نادروست کردەوە، یان ویستی ئەنجامی بدات، ئەوا ئەم بەشە کەسایەتی "من" دووچاری کێشە و ئارێشە دەکاتەوە.

چەپاندن "الکبت" Repression : پرۆسەیەکی دەروونییە بۆ دوورخستنەوە هەموو ئەو غەریزە و پاڵنەر و بیرکردنەوە ڕەتکراوانەی کە مرۆڤ دوو چاری دڵەڕاوکێ و ترس و خۆ بە کەمزانین دەکەن، بەمەش دەگوازرێنەوە بۆ ئاستی بێئاگایی، ئەمەش ئامانجی پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی دەروونی مرۆڤ.

تیۆری دەروونشیکاری توێژینەوەی دەربارەی پاڵنەرە غەریزەییە ئاکارییەکانی مرۆڤ کرد، بەشێوەیەکی گشتی بۆ دوو غەریزەی سەرەکی دابەش کرد.

یەکەمیان : ڕەمەکی یان "غەریزەی ژیان"Eros "ئیرۆس"

ئەمە پێداویستییەکانی بایۆلۆژی دەروونی مرۆڤ دەگرێتەوە کە پاڵنەری پارێزگاریکردنی مرۆڤن بۆ مانەوە لە ژیاندا. ئەمەش دوو پاڵنەر دەگرێتەوە.

أ - پاڵنەری "من": ئەم پاڵنەرە بە شێوەیەکی گونجاو هەوڵی شاردنەوەی پێداویستییە جەستەییەکانی مرۆڤ دەدات، بەشێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ واقیع. دەکەوێتە ئاستی ئاگایی مرۆڤ وەک "من"ێکی چەپێندراو، یان "من"ێکی باڵا خۆی دەنوێنێت.

ب - پاڵنەری لبیدۆ :Libido ئەم پاڵنەرە وزەی ئەو خۆشەویستی و ئارەزووە سێکسیانەیە، کە مرۆڤ بۆ خۆی یان خەڵکانی دیکە ئاڕاستەی دەکات، ئەمەش دەکەوێتە ئاستی بێئاگایی، بەشی "ئەو" لە کەسایەتی مرۆڤ نوێنەرایەتی دەکات.

دووەمیان : ڕەمەکی یان "غەریزەی مردن" Thanatos "ثاناتۆس"

ئەمە غەریزەیەکی تێکدەرە، هەوڵی نەخشاندنی وێنەیەکی شەڕانگێزانە بۆ بۆچوون و کردەوەی مرۆڤ دەدات. کۆشش دەکات بۆ گێڕانەوەی مادەی زیندوو بۆ حاڵەتی پێش لە دایکبوون ئەمەش دەکەوێتە ئاستی بێئاگایی، هەروەها بەشی "ئەو" نوێنەرایەتی دەکات. "فرۆید" لەسەرەتادا بۆچوونی وابوو کە غەریزەی "لبیدۆ" وزەیەکی هەوەس بازیە، تەنیا بۆ بەرامبەر ئاراستە

دەکرێت، بەڵام دواتر تیۆرەکەی ڕاست کردەوە، بەوەی کە "لیبیدۆ" هەمیشە بۆ کەسانی دیکە ئاڕاستە ناکرێت، بەڵکو بۆ خودی مرۆڤ خۆشی دەگەڕێتەوە و نوقمی خۆشەویستی خۆی دەکات.

## چەند زاراوە و چەمکێکی دەروونیی

ئیرۆس : Eros "ژیاندۆستیی" ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە، خواوەندی خۆشەویستییە لەسەر شێوەی منداڵێکی باڵدار وێنە دەکێشرێت، وەک خواوەندی ئارەزووی سێکسیی سەیری دەکەن.

لبیدۆ : Libido " وزەی زایەندیی" وشەیەکی لاتینییە کە بە مانای هەوەسبازیی و ئارەزووی سێکسی دێت.

ثاناتۆس : Thanatos "مەرگدۆستیی" خوای مردنە لە لای یۆنانییە کۆنەکان. "فرۆید" ئەم وشەیەی وەرگرتووە و وەکو زاراوەیەک بۆ غەریزەی مردن بەکاریهێناوە.

نێرگسیزم : Narcissim "خود شەیدایی" یا "سەرسامبوون بە خود" یان "هۆگربوون بە خود" ناوی پاڵەوانێکی، ئەفسانەیەکی یۆنانییە، کە لە بنەڕەتدا ناوی"ئارسیۆس" بووە. بە گوێرەی ئەفسانەکە ئەم کوڕە بە خۆی سەرسام دەبێت کە وێنەی خۆی لەسەر ئاو دەبینێت، دواتر خۆی دەخاتە ناو ئاوەکە و دەخنکێت. لەشوێنی خنکانەکەی گوڵێک دەپشکوێت بە ناوی "نێرگس".

ماسۆشیزم: Masochism ئەم زاراوەیە لە ناوی ڕۆماننووسی نەمساوی "ماسۆش" وەرگیراوە. کە لە ماوەی سالانی "١٨٣٦-١٨٩٥" دا ژیاوە. ناوەڕۆکی

زۆربەی نوسینەکانی و ژیانی تایبەتی خۆی، کە بریتی بووە لە چێژ و خۆشی وەرگرتن لە ئازاردانی خودی خۆیی و سوکایەتیکردن بە پاڵەوانەکانی نوسینەکانی. ئەمەش بە مانای "ئازاردانی خود لە پێناوی خۆشی و چێژ"یان "تێرکردنی ئارەزووەکان لە ڕێگای ئازاربەخشین بە خود"

سادیزم : ئەم زاراوەیە لە ناوی ڕۆماننووسی فەڕەنسی "مارکیز دی ساد ١٧٤٠-١٨١٤" وەرگیراوە، کە ناوەڕۆکی ژیانی تایبەتی خۆشی پڕ بووە لە توندوتیژی و ئازاردانی خەڵکانی دیکە. ئەم زاراوە و چەمکە بە واتای "ئازاردانی بەرامبەر لە پێناو چێژەکانی خود"دا، یان "ئازاردانی بەرامبەر لە پێناو تێرکردنی ئارەزووەکانی خود"دا.

لەناو قوتابخانەی دەروونشیکاریدا ڕۆڵی مەزن لە داڕشتنی تیۆر و بنەما و چەمکە سەرەکییەکانی ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ "سیگمۆند فرۆید" بەڵام دواتر ئەوانەی شان بە شانی "فرۆید" کاریان دەکرد بەشێکیان لەسەر هەمان بۆچوونەکانی ئەو ڕۆیشتن لەوانە: "کارل ئەبراهام"، "ساندور فیرینزی"، "ئارنست جۆنز" هەندێکی دیکەیان لە ڕوونکردنەوە و وردکردنەوەی هەندێک بۆچووندا لەگەڵ "فرۆید"دا هاوڕا نەبوون لەوانە:"کارل یۆنگ"، "ئەلفرێد ئەدلەر"، "ڕانک"بەڵام ئەمانە هیچ زیادەیەکیان نەخستە سەر ئەم تیۆرە بۆ ئەوەی ببێتە گۆڕانی بنەماکانی، تەنیا پەرەپێدانی جیاواز بوو لە ڕوانگەی جیاوازەوە. گەورە فەیلەسووفێکی وەک "هیگڵ"ی ئەڵمانی لە فەلسەفەکەی خۆیدا ئایدیا بە وەچەرخێنەری مێژوو دەزانێت. لەلای "کارل مارکس"یش هۆکاری ئابووری و ململانێی چینایەتی هۆکاری سەرەکی دیالێکتیکی مێژووییە. کەچی"فرۆید"

ئارەزووی سێکسیی بە بزوێنەری بنەمای شارستانیبوون هەژماردەکات، هەروەکو دەڵێت: لێمان شاراوە نییە، کە هەر بەرهەڵستییەک لە پێشکەوتنی شارستانیەتی بکرێت، ئەوە ئاکامی ئەو بەرهەڵستیەیە کە لە بەجێگەیاندنی ئەرکی سێکسیدا دەکرێت، بەتایبەتی چەپاندنی توند لە چوارچێوەیەکی فراواندا.

"فرۆید" هەر لەچوارچێوەی ئەو بۆچوونانەی کە دەربارەی خەون دەربیبڕیوون، هەمان بۆچوونیشی بەسەر ئەدەب و هونەردا جێبەجێ کردووە، چونکە ئەو لە بنەڕەتدا دەروونناس بووە، هەوڵی داڕشتنی تیۆرێکی گشتگیر و هەمەلایەنی داوە. هەر سەبارەت بە خەون دەبێژێت: "خەون بەدەستهێنانی ئارەزوو"ـە" یاخود وردتر دەڵێت: "خەون بەدەستهێنانێکی ڕازیکەرانەیە بۆ ئارەزووە سەرکوتکراو و چەپێندراوەکان". ئەم بۆچوونەش ئەوە دەگەیەنێت کە خەون ڕازی کردنی پاڵەپەستۆی بەشی "ئەو"ـە لە کەسایەتی مرۆڤ، کە لەگەڵ بنەمای چێژ یەکدەگرێتەوە، لە ڕێگەی ئاستی بێئاگاییەوە ڕەوانە دەکرێت. هەر لە ڕوانگەی ئەم دیدانەوە "فرۆید" ئاماژە بەوە دەکات، کە دەقی ئەدەبی خەونی نووسەرەکەیەتی، دەکرێت چۆن مامەڵە لەگەڵ خەونێکدا دەکرێت بەهەمان شێوە مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا بکرێت، بەڵام دەقی ئەدەبی خەونێکی تا ڕادەیەک کۆنترۆڵکراوە لەلایەن دەقنووسەوە. وێڕای ئەمەش "مرۆڤ لەکاتی خەودا بەهۆی خەونەوە پەیوەندی بە ئاستی بێ ئاگایی دەکات کەچی دەقنووس لە پەیوەندی کردن بەبێ ئاگاییدایە لەحاڵی بێداریدا" جگە لەمانەش خەون هەڵاتنە لە واقیع هونەریش بەهەمان شێوە، بەڵام خەون بە ئاگاهاتن کۆتایی دێت، کەچی ئەدەب و هونەر بە پرۆسەی داهێنان بە کۆتا دێت.